# دادگایی صدام

**لەدرێژەی چالاکی یەکانی کەمپیندا**

## زیاتر لە 400 پاریزەر
## پی لەسەر دادگایی کردنی صدام وسەرانی بەعس دادەگرن!
ل4

**ژمارە 1**

**بڵاوکراوەی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسە**

ژمارە (1) ، 18ی حوزەیرانی 2004 4 لایەرە No. (1) 18th. Jun . 2004

# خەلکی کوردستان خوازیاری دەست بەجی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسن !

## سەروتار

ڕۆژی یەکەمی دەست بەکاربوون تەنها دەنگێك لەسەر شەقامی سەرەکی شار دەبیسترا (( ئیمزا بۆ دادگایی صەدام حسین وسەرانی بەعس)) بەلام زۆری نەبرد شەقام ئاپورە بوو هەڵسوڕاوانی کەمپینش لەناو بازنەی خۆشەویستی و پێشوازی کەم وێنەی خەڵکی شاردا تەوق دران. لەگەل ڕیز بەستن بۆ ئیمزاکردندا دەیان رستەی پر جۆش وخرۆش لەکانگای دلەوە دەهاتە دەر. ڕۆژانی دواتر شار خرۆشاو سەدان پاریزەرو نووسەرو ڕۆشنبیرو ئەدیب و هونەرمەندو کەسایەتی ناسراوی شار ئیمزای فۆرمی تایبەتیان کردو بەم کەمپینەوە پەیوەست بوون و لەلایەکی تریشەوە دەیان هەزار ئیمزا لە کوردستان کۆکرایەوە. ئەمرۆ کەمپینی دادگایی کردنی صەدام حسین و سەرانی بەعس بووتە جیگەی ئاواتی بەشیکی بەرچاو لە خەلکی کوردستان، تا لە ڕێگەی ئەم کەمپینەوە چارەنووسی صەدام و سەرانی بەعس کە لە ماوەی ساڵ و چەند مانگی ڕابردودا بە تەواوی لەبیری خەلك براوەتەوە بە فەرامۆشی سپێردراوە، ئەمڕۆ جاریکی تر شەپۆلی نارەزایەتی دژ بە بەرەو حزب بزوتنەوەی ئەو دیکتاتورەی کە خاوەن گەورەترین جینۆسایدە لە پەرەسەندون و فراوان بوونەوەیەدایە. بۆیە لیرەدا جێگەی خۆیەتی ئاورێك لە سەرخەتی گرنگترین ئەرك و مەهامەکانی ئایندەی کەمپینەکە بدەینەوە، بەو هیوایەی کە نەك هەر ئاستی کۆکردنەوەی ئیمزاکان بگەیەنین بە ملیون و بەلکو بە کردەوە لە ڕێگەی هێنانە مەیدانی خەڵکەوە وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری ببینە داینەمۆی چارەنووساز بۆ دیاری کردنی ئایندەی سەرانی ئەو رژیمەی کە بۆ داسەپاندنی سیاسەتە نائینسانی یەکانی خۆی ملیونەها قوربانیان لیوەرگرتین و ئەنفال و هەلەبجەشیان خۆلقان .

بنیاتنتنی دەزگایەکی راگەیاندن کە بلاوکراوەی دادگایی سەدام هەنگاویکی سەرەتایی یە .دابین کردنی پیداویستی یەکانی بەرپاکردنی فیستیڤالیکی چەند رۆژە کە تیدا هەموو جۆرە کاریکی هونەری و ئەدەبی و کۆرو سیمنارو پانیل ... تیدا ئەنجام بدەین . بەرپاکردنی خۆپیشاندان، بەمەبەستی سەرنج راکیشانی بیروڕای جیهان وفشارهینان بۆ ئەمەریکا لە پەیوەند بە دادگایی کردنی صەدام و سەرانی بەعسەوە . کاری هەندەران بۆ بە دەستهینانی پشتیوانی جیهانی، لەلایەك لە نیو جالی یەی کوردو عیراقی دا بەگشتی وە کۆکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی

بۆل-2

**لەمیز کتیبی بەردەرکی سەرا لە سلیمانی تەنها لە ماوەی دوو هەفتەدا نزیك بە 10 هەزار کەس ئیمزای فۆرمی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس یان کرد !**



## دیداروچالاکی یەکانی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس

ـ وەفدیکی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس کە پیکهاتبوو لە بەریزان ( ریبوار عارف ) بەرپرسی کەمپین لە کوردستان و ( سامان ئەحمەد ) و ( شۆرش کەریم )و(دەشتی جەمال) ئەندامانی لیژنەی کەمپین رۆژی **6 / 6 / 2004** کاتژمیر **12** ی نیوەرۆ سەردانی بارەگای حزبی زەحمەتکیشانی کوردستانیان کرد و چاویان بە بەریز ( قادر عزیز ) سکرتیری حزب کەوت . سەرەتا ( ریبوار عارف ) باسیکی سەبارەت بە ئامانج و چالاکی یەکانی کەمپینەکە و گرنگی هەلویست و پشتیوانی و هاوکاری مەعنەوی و مادی حزبە سیاسی یەکانی کوردستان بەم کەمپینە کرد . پاشان سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان سەرەرای دەستخۆشی لە کارەکانی کەمپینەکە و پشتیوانی تەواوی حزبی خۆیان هاوکات و هاوکاری مەعنەوی و ئیعلامی و مادی حزبی خۆیان لەم کەمپینە ڕاگەیاند . پاشان فۆرمی کەمپینەکەی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتی یە سیاسی و ناسراوەکانی کوردستان ئیمزا کرد .

هەمان ڕۆژ کاتژمێر 7 ی ئێوارە وەڤدێکی کەمپین کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ( ڕێبوار

بۆل-4

## چەندین حزب و کەسایەتی پشتیوانی خۆیان لە کەمپین راگەیاند

لە چەند دیداریکی وەڤدیکی کەمپین لەگەل هەریەك لە حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان و حزبی پاریزگارانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان سەبارەت بە ئامانج و کارەکانی کەمپین ، هەریەك لە بەریزان ( قادر عزیز ) سکرتیری حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان و ( نجم عمر سورچی ) کارگیری مەکتەب سیاسی حزبی پاریزگارانی کوردستان و ( ابراهیم سۆفی محمود ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی

بۆل-2

**ئەمریکا دادگایی کردنی سەدام دوا دەخات**
**ل-2**

**را پۆرتیك لەسەر چالاکیەکانی کەمپین**
**ل-2**

**چوارچیوەی گشتی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس ل-3**

**دادگایی کردنی صەدام و سەرانی بەعس پەیامی خەلکی کوردستانە بە حکومەتی ئایندە !**

# ئەمریکا دادگایی کردنی سەدام دوا دەخات

بریار بوو دادگایی کردنی سەدام لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵاتدا دەست پێ بکات و بسپیردریت بە حکومەتی کاتی عیراق بەڵام ئەم مەسەلەیە هەر بە هەلواسراوی مایەوە . جگە لە وەرگرتنی دەیان سەعاتی ئیعترافات و نهینی یەکانی سەدام لە لایەن ئەمریکاوە هەموو هەنگاوەکانی پرۆسەی دادگایی کردنی سەدام وەستان . دوواجار ئەمریکا رایگەیاند کە دادگایی کردنی سەدام راستەوخۆ دوای پیکهینانی حکومەتی کاتی دەست پێ ناکات و تەسلیمی دادگای ناکات .

دوواخستنی تا ئیستای دادگایی کردنی سەدام و ئەم هەلویستەی ئەمریکا ئەوەی سەلماند کە ئەمریکا هیچ دژایەتی یەکی لەگەڵ فاشیەتی سەدام و کار و کردەوە و تاوانە بێ شومارەکانی دا نی یە ، سەدام لەسەر جەریمە و تاوانەکانی لە بەرامبەر خەلکی عیراق دا نەخزینراوەتە زیندانەوە بەلکو دەست گیرکردن و دادگایی کردنی سەدام تەنها نمایشیك و وەرەقەیەکی تری سیاسی دەستی ئەمریکایە لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی عەرەب و حکومەتە عەرەبی یەکاندا .

ئەمرۆ دوای پەرەگرتنی شکستی سیاسی ئەمریکا لە عیراق و دەست بردنی ئەمریکا بۆ گیرانەوەی لیپرساوە عەسکەری و حزبی یەکانی بەعس کە بووەتە یەکیك لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە پرۆسەی سازدانەوەی دەسەڵات لە عیرا قدا بۆ هەموو خەلك رۆشن بووەتەوە کە بەدیل و ئەلتەرناتیقی ئەمریکا بۆ دەسەڵاتی ئایندەی عیرا ق لە جیاتی گەرانەوە بۆ رای خەلك و دەرگا ئاوەلا کردن بۆ دەخالەتی خەلکی عیراق پشت بە گیرانەوەی سەرانی هەمان رژیمی فاشیست وتاوانبار دەبەستیت .

سرینەوەی دەخالەتی خەلکی ستەمدیدە و زولم لیکراوی عیراق لە دادگایی کردنی درندەترین دوژمنی خۆیان مەحکومە . ئەمریکا مافی ئەوەی نی یە چی تر سەدامی تاوانبار و پیاوەکانی بەبەرچاوی خەلکی عیراقەوە بشاریتەوە و بە پێی وویست و بەرژەوەندی خۆی مامەلە لەگەڵ دادگایی کردنی سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤایەتی دا بکات .

دەبێ سەدام و تاوانبارەکانی تری رژیمی بەعس کە دەستیان هەبووە لە کوشتار و ئازاردانی خەلکی عیرا قدا لە دادگایەکی ئاشکرای جەماوەری دا دادگایی بکریت.

**کەمپینی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعس**

## پاشماوەی.. چەندین حزب

شیوعی کوردستان پشتیوانی و هاوکاری خۆیان و حزبەکانیان لە کەمپینەکە راگەیاند و هەروەها ئەوەشیان راگەیاند کە لە ریگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە کۆمەکی سیاسی و معنوی بەم کەمپینە دەکەن ، هاوکات زۆربەیان ئامادەیی یان نیشاندا کۆمەکی مادی بە کەمپینەکە بکەن . هەروەها هەریەك لەو بەریزانە فۆرمی کەمپینەکەیان بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتی یە ناسراوەکانی کوردستان ئیمزا کرد .

هاوکات لە دیداریکدا لەگەڵ بەریز ( سەلاح رەشید ) وەزیری مافی مرۆڤ سەبارەت بە ئامانج و کارەکانی کەمپینەکە بەریزی پشتیوانی و هاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤی بە کەمپینەکە راگەیاند و ، فۆرمی کەمپینەکەی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتی یە ناسراوەکانی کوردستان ئیمزا کرد و هەروەها خۆی بە ئەندامیکی کەمپینەکە ناساند.

# کورتە راپۆرتیك لەسەر چالاکیەکانی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس



خەلکی کوردستان خوازیاری دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسن

دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس خواستیکی جەماوەری خەلکی عیراقە بە کوردستانیشەوە . ئەم خواستە بە کردەوە مەیدانیکە بۆ سرینەوەی ئاسەواری ستەم و چەوسانەوە و سەرکوت و ساریژکردنی برینەکانی ئەو رژیمە فاشیستە کە لە جەستەی خەلکی عیراق و بەتایبەت خەلکی کوردستاندا هەلیکەندووە . بۆیە کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس بە مەبەستی هاتنە مەیدان وکارکردن بۆ دادگایی یەکی ئاشکراو عادلانەی سەدام و سەرانی بەعس دەستی بە کارکرد کە لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا زنجیرەیەك چالاکی نواندوە ، لیرەدا سەرنجتان بۆ گرنگترینیان رادەکیشین :سەرەتا ژمارەیەك لە لیپرسراوانی کەمپین دەستیان دایە پیکهینانی شەبەکەیەکی فراوانی دەیان کەسی لە دۆستان و هەلسوراوان کە پاش ئاشنابوونیان بە کەمپینەکە پشتگیری و ئامادەیی خۆیان بۆ کارەکانی راگەیاند و دەست بە کار بوون ، پاشان لە شاری



سلیمانی و هەندێ لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری فۆرمی ئیمزاکردن بلاوکرایەوە . هەروەها زنجیرەیەك کۆر و سیمینار لە شارەکانی سلیمانی و پینجوین و سەید سادق و رانیە و قەلادزە سازدران ، هاوکات بە مەبەستی بەگەرخستنی کەمپینەکە سەردانی شاری کەرکوك و هەولیرمان کردووە . لەو شارانەدا دەست بەکاری پیکهینانی لیژنەی کاتی سەرپەرشتی کار و باری کەمپینەکە بوون . شایەنی باسە لەو کۆر و سیمینارانەدا سەدان کەس زۆر بە حەماسەوە بەشداریان کردووە و هەروەها نوینەری حزب و ریکخراوە سیاسی و پیشەیی یەکان پشتیوانی پشتگیری خۆیان راگەیاندووە، لەوانە حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق حزبی شیوعی کوردستان حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان حزب دیموکراتخوازانی کوردستان ریکخراوە دیموکراتیەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان .

هاوکات چەند رۆژ ئیواران لە بەردەرکی سەرا میزکتابی کەمپین بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا دانراوە و لەلایەن خەلکەوە پیشوازیەکی فراوانی لی کراوە و تائیستا لە شاری سلیمانیدا زیاتر لە 20000 ئیمزا کۆکراوەتەوە . شایانی باسە ئەم کەمپینە بەدەر لەوەی لە چەند رۆژ و هەفتەی ئایندەدا سەرتاسەری کوردستان دەگریتەوە هەروەها لە ئیستادا لە هەندێ لە شارەکانی ناوەراست و باشوری عیراق دەست بەکاربوون هەزاران ئیمزا کۆکراوەتەوە . لە هەندەرانیش پەیوەندی کراوە بە ژمارەیەکی بەرچاو بە حزب و ریکخراوەی سیاسی و پیشەیی و کەسایەتی ناسراوو پەرلەمانتاریستەکانەوە.

## پاشماوەی سەروتار

یان و لەلایەکی تریشەوە هەولدان بۆ بەدەستهینانی پشتیوانەی نیونەتەوەی وەك بەشیك لە بەرەی ئازادیخوازو ئینسان دۆست و بەشدارکردنی ئەوانیش لە دیاری کردنی ئایندو چارەنووسی صەدام حسین و سەرانی بەعسدا. هەروەها یەکیکی تر لە کارە گرنگەکانی ئەم کەمپینە کارکردن بۆ رسمیەتدان بە جینۆسایدیك کە بەعس و رژیمەکەی ئەنجامی داوە، ئەمەش لە ریگەی یاساو پەرلەمان و حزب و ریکخراوەکان و دەنگ هەلبرینی کەسایەتی یە ناسراوەکانی جیهانە. لە پال هەموو ئەمانەشدا دیارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی لەم چەشنە مەزن پیویستمان بە ئیمکاناتیکی مالی زۆرە ، بۆیە بەر لە هەر کەس و لایەن وکەسایەتی یەت روومان لە دەستەلات و کاربەدەستانی حکومی یە کە لەم بارەوە تەواوی تواناو ئیمکانات بخەگەر بۆ پشگتری کردن و بەرەوپیش چوونی کارەکانی ئەم کەمپینە . دەبیت هەمووومان بە تەواوی توانامانەوە لە هەولی بەهیزکردن وبەروپیش بردنی ئەم کەمپینەدا بین و بەهەر رادەیەك کە بۆمان دەکریت لەرووی مالی یەوە کۆمەکی بکەین، ئەمە کاری هاوبەشی هەمووولایەکمانە بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینە، کە ئامانجەکانی ئاوات و خۆزگەی ملیونەها ئینسانە!

# چوارچیوەی گشتی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس

### پێناسە و ئامانجەکەی

ـ کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسێن و سەرانی بەعس بزووتنەوەیەکی سیاسی یە دەیەوێ لە ڕێگای بەگەڕخستنی هێزی جەماوەری خەڵکی کوردستان و عێراقەوە سەدام خسێن و سەرکردەکانی ڕژێمەکەی ڕابکێشێتە دادگایەکی عادیلانەی ئاشگراوە بۆ دادگایی کردن لەسەر ئەوتاوانانەی کە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و عێراقدا ئەنجامیان داوە .

ـ ئامانج لە دادگایی کردنی سەدام و سەرانی ڕژێمی بەعس لە لایەکەوە دادگایی کردنی سەدام حسێن و ئەو سەرکردە و کاربەدەستانەی ڕژێمی بەعسە کە دەوریان هەبووە لە سەرکوتی خەڵك وئەنجام دانی تاوانی ئەشکەنجە دان و لە سێدارەدانی نەیارانی سیاسی ڕژێم و کوشتنی خەڵکی عێراق و کەردستان لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیا باران و هەموو ئەو کردەوە وەحشیانەیەی کە ئەو ڕژێمە پێی هەستاوە دژ بە خەڵك .

ـ لە لایەکی ترەوە دادگایی سەدام و سەرانی بەعس دادگایی یەکی ئەو ڕژێمە سیاسیەیەکە سەدام و حزبی بەعس ماوەی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپاندووە. دادگایی کردنی ڕژێمێکی ئیستیبدادی نەتەوە پەرست ، ڕژێمێك کە جیاوازی نەتەوەیی و جنسی لە نێوان هاوڵاتیەکاندا بەرپاکردووە و لەسەر ئەم بنەمایەش سەرکوتی هاوڵاتیانی کردووە . ڕژێمێك کە خەڵکی عێراقی بۆ ناو ئاکری جەنگی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق و بەشداری کردن لە هەردوو جەنگی خەلیج دا پەلکێش کردووە و سەدان هەزار هاوڵاتی عێراقی بە کوشت داوە و بە بیانووی هەڵاتن لە سەربازی ڕەمی یان ئەتك کراون هەروەها بنەمای ئابووری عێراقی وێران کردووە . هاوکات ئامانجی ئەم کەمپینە پەردە هەڵماڵین لە ڕووی ئەوبزووتنەوەو لایەن و دەوڵەتانەیە کە لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە سەرکوتگەر ودڕندەیەدا لە باری سیاسی و سەربازیەوە هاوکاریان کردووە و ملیۆنەها دۆلاریان ڕژاندووەتەگیرفانی سەدامەوە بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی بەرامبەر خەڵکی عێراق درێژەپێدان بە شەڕە کۆنەپەرستانەکانی و ئێستاش دەیانەوێ لە پارووی دەمی خەڵکی عێراق ئەو پارانەیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە .

ـ دادگایی سەدا م و کاربەدەستەکانی تاوانباری ڕژێمەکەی بەو جۆرەی کە ئێمە لەم کەمپینەداهەوڵی بۆ دەدەین پەیامێکی سیاسی خەڵکی عیچراقیش دەبێت بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە بڕیارەلە عێراقدا دابمەزرێت . هاتنە مەیدانی خەڵك بۆ دادگایی سەرانی ڕژێمی بەعس هاتنە مەیدانی ئیرادەی سیاسی ئەو جەماوەرە دەبێت بۆ قبوڵ نەکردنی هیچ جیرە نیزامێکی سیاسی دیکەی لەو چەشنە کە بیەویت لەسەر سەلب کردنی ئیرادەی جەماوەر پایەکانی دامەزرینیت و سیناریۆی سەرکوتی خەلك بە شیوازی دیکە و بە سەر و سیمای دیکەوە دووبارە بکاتەوە .

### بەرنامەی کار و پیکهاتەکەی

کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس چوارچیوەیەکی سەراسەری عیچراقی هەیە و هاوکات لە دەرەوەی وولاتیش کاری بۆ دەکریت ، بۆ ناوچەکانی کوردستان و ناوچەکانی عیراق بە گشتی بە دوو ئاستدا بەرپرس و نوینەری خۆی دەبیت . تۆریکی فراوان لە هەلسورانی کەمپین لە هەردوو ئاستدا لە شار و شارۆچکەکاندا هەلدەستن بە ئەنجام دانی ئەرك و کارەکانی کەمپینەکە .وە بە هەمان شیوە لە هەندەرانیش لە هەموو وولاتاندا نوینەر و هەلسوراوانی کەمپین هەلدەستن بە ئەنجام دانی ئەرك و کارەکانی کەمپینەکە .

ـ کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس هەوڵ دەدات چەندین کۆر و کۆمەلی جەماوەری ، رۆشنبیری ، یاسایی ، فەرهەنگی ،... بۆ پشتیوانی و بۆ هەلسوران بۆ کەمپینەکە ساغ بکاتەوە و بەشداریان بکات .

ـ هەموو کەس و لایەن و ریکخراوو دەزگایەك کە خۆی بە بەشداری ئەو ئامانجانەی سەرەوە دەزانیت ئەتوانێ ببیچتە ئەندامی کەمپینەکە .

ـ کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس دەیەویت لە دوو قۆناغدا کارەکانی بەریچتە پیشەوە :

قۆناغی یەکەم ، دەورەیەکی دوو مانگی یە . دەیەویچت لەم ماوەیەدا هەلمەتیکی چر و پر ئەنجام بدات بۆ ناساندن و سەراسەری کردنەوەی کەمپین و راکیشانی هەلسوراوان بۆ کەمپین و پیکهینانی چەندین تۆری هەلسوراوان لە ئاستی جۆراوجۆردا ، هەروەها کۆکردنەوەی ژمارەیەکی چەند ملیۆن ئیمزا لەناو خەلکدا ، و دروست کردنی فۆرمی جیاواز بۆ ئەو تویژە پەیوەندیدارانەی کە دەتوانن کاریگەریەکیباشیان هەبیت لە بەهیزکردنی ئامانجەکانی کەمپینەکەدا ، کۆکردنەوەی دۆکیمینت سەبارەت بە تاوانەکانی سەدام و سەرانی رژیمەکەی و راکیشانی پشتیوانیلایەن و ئەحزابی ناوخۆی کوردستان و عیراق بۆ کەمپینەکە . هەروەها بەرپاکردنی چەندین کۆرو کۆبوونەوەی جەماوەری لە شارو ناوچە جۆراو جۆرەکاندا و ئەنجام دانی چەندین میزگەرد وکۆنگرەی رۆژنامەگەری و سیمیناری جۆراوجۆر لە پەیوەند بە ئامانج و کار و بار و چالاکی یەکانی کەمپینەکەوە .

قۆناغی دووەم ، دەورەیەکی چوار مانگی دەخایەنیت . تیایدا دریژە بە کارەکانی دەورەی یەکەم و تەواوکردنیان دەدریت . هەروەها ئەم کارانەی دیکە لە ئاستیکی زۆر بالاتردا ئەنجامگیریان لی دەکریت : راکیشانی پشتیوانی نیونەتەوەیی بۆ کەمپینەکە لە ریگای پەیوەندی گرتن بە ریکخراوەو دەزگا و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ ، ریکخراوە کریکاری و چەپەکان ، ئۆرگان ودەزگا حکومی و پەرلەمانی و غەیرە حکومی یەکان لە ئاستی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا و باقی وولاتانی دیکە . بەم شیوەیە دەمانەویت لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا کەمپینەکە بە ئامانجەکانی خۆی بگەیەنین : کۆکردنەوەی ئیمزاکان بگات بە ئاستی چەند ملیۆنی لە سەراسەری عیراقدا ، کۆکردنەوەی دۆکیمینتی نوێ و ئامادەکردنی دۆکیمینتەکان لە باری یاسایی یەوە .بلاوکردنەوەی فۆرمی شکاتنامەی تایبەتی و ریکخستنی باری یاسایی ئەو داوایانەی دیتە بەر دەستی کەمپین . هەولدان بۆئەوەی کەمپین وەکو لایەنیکی مدعی بۆ دادگایی کردنی سەدام و سەرکردەکانی رژیم لە ئاستی حکومی و جەماوەری دا رەسمیەت وەربگریت . ریکخستنی لایەنی یاسایی دەعوانامەی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی رژیم .سازدانی تۆری پاریزەرانی خۆبەخش بۆ تۆمارکردن و بەرەو پیش بردنی لایەنی یاسایی دەعواکە.

بەریخستنی چالاکی جەماوەری لە ناوخۆی کوردستان و عیراقدا بۆ پشتگیری لە خواستی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی رژیمی بەعس . هەروەها هەولدان بۆ بەریخستنی چالاکی سیاسی بۆ پشتگیری لەم خواستەی خەلکی کوردستان و عیراق لەناو جالیەی عیراقی و کوردی و ریکخراوەکانیان و هەروەها ریکخراوەو لایەنەکانی لایەنگر لەم بزووتنەوەیە .

کارکردن بۆ سازدانی زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بۆ دادگاییکردنی سەدام و سەرانی رژیمەکەی بە جۆریك کە بتوانریت دەعوای خەلکی کوردستان و عیراق لەسەر ئەوان نوینەرایەتی بکریت ..

سەدام حسین و سەرانی بەعس دەبیت لە دادگایەکی نیودەولەتی دا دادگایی بکری.سەرەنجام کەمپینی سەدام حسین و سەرانی بەعس دەیەویت دەنگی خەلکی عیراق و سەدان هەزار ئینسانی ئەم وولاتە بیت کە لە لایەن رژیمی وەحشیانەی بەعسی شۆفینیست و دوژمن بە ئینسانیەت و ئازادی هەموو مافیکی ئینسانەوە سەرکوت و قەتل و عام کراون. ئەم کەمپینە دەنگیکی جیاواز دەبیت لە هەمووئەو لایەنانەی کە تا ئیستا لەسەر سەدام و رژیمەکەی داوەریان کردووە واتە ناسیۆنالیزمی عەرەب و بەعس و ئیسلامی سیاسی تەنانەت ئەمریکا کەبەدەر لەوەی چۆن مەسەلەی سەدام حسین و سەرانی بەعس وەك کارتیکی سیاسی بەکاردینیت و دەیەویت بە تەواوی بە فەرامۆشی پسپیریت و لەبیری خەلکی بباتەوە . رۆشنە کە داوەری ئەم لایەنانە ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەلك ئامانجەکانی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی بەعس . خەلکی عیراق کە چەندین دەیە لە لایەن رژیمی بەعسی فاشیستەوە سەرکوت دەکرین مافی رەوای خۆیانە کە لە دادگایی کردن و سزادانی ئەو فاشیستانەدا دەوری سەرەکی گرنگیان هەبیت .

ئەم پرۆژەیە بە رووی هەموو ئەو نیهاد و حکومەت و حزب و لایەنانەدا کراوەو ئاوەڵایە کە خوازیاری دادگایی کردنی سەدام حسین و هەموو ئەو کەسانەن کە دەستیان لە سەرکوت و کوشتاری خەلکی کوردستان و عیراقدا هەبووە . پشتگیری کردن و هاوکاری کردنی ئەم پرۆژەیە دەتوانیت رۆشنترین بەلگەنەویست بیت بۆ هەلویچستی سیاسی و عەمەلی و نیشاندانی پیگەی هەر لایەنیك لە پەیوەند بە دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس دا .

**کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس**

# پاشماوەی... دیداروچالاکی یەکانی

عارف ) بەرپرسی کەمپین لە کوردستان و ( سامان ئەحمەد ) و ( شۆرش کەریم ) ئەندامانی لیژنەی کەمپین سەردانی بارەگای حزبی پاریزگارانی کوردستانیان کرد و چاویان بە بەریز ( نجم عمر سورچی ) کارگیری مەکتەبی سیاسی حزبی پاریزگاران کەوت . سەرەرای دەستخۆشی لە کارەکانی کەمپینەکە هاوکات بەریزی پشتیوانی و هاوکاری مەعنەوی و ئیعلامی و مادی خۆیان لە کەمپینەکە راگەیاند و پیشنیار و بیر ورای خۆی سەبارەت بە شیوەی کار و پیشخستنی کەمپینەکە خستە روو . پاشان فۆرمی کەمپینەکەی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتی یە سیاسی و ناسراوەکانی کوردستان ئیمزا کرد .

ــ وەفدیکی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس کە پیکهاتبوو لە بەریزان ( ریبوار عارف ) بەرپرسی کەمپین لە کوردستان و ( سامان ئەحمەد ) و ( دەشتی جەمال ) ئەندامانی لیژنەی کەمپین رۆژی 7 / 6 / 2004 کاتژمیر 9:30 ی بەیانی سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤیان لە سلیمانی کرد و چاویان بە بەریز ( سەلاح رەشید ) کەوت ، دوای قسەو باس لەسەر گرنگی ئەم کەمپینە و گۆرینەوەی و سەرنجەکان بەریزی پشتیوانی مەعنەوی و مادی وەزارەتی لە کەمپینەکە رگەیاند . پاشان فۆرمی کەمپینەکەی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتی یە سیاسی و ناسراوەکانی کوردستان ئیمزا کرد و خۆی وەکو ئەندامیکی بەشدار لە کەمپینەکەدا ناساند .

هەمان رۆژ کاتژمیر 11 ی ئیوارە هەمان وەفد سەردانی بارەگای حزبی شیوعی کوردستانیان کرد و چاویان بە بەریز ( ابراهیم سۆفی محمود ـ ئەبو تارا ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی کەوت . بەریزی سەرەرای دەستخۆشی و پشتیوانی خۆیان لە کەمپینەکە سەرنج و بیرورا و کارەکانی خۆیان سەبارەت بە پرۆسەی تا ئیستای دادگایی کردنی سەدام باس کرد . پاشان فۆرمی کەمپینەکەی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای کەسایەتی یە سیاسی و ناسراوەکانی کوردستان ئیمزا کرد .

رۆژی شەمە 12-6 وەفدیکی کەمپینی دادگای کردنی سەدام وسەرانی بەعس کە پیك هاتبوو لە(ریبوارعارف)بەرپرسی کەمپین و(دەشتی جەمال)ئەندامی لیژنەی کەمپین چاویان کەوت بە بەریز (فەتاح زاخۆیی)وەزیری رۆشەنبیری بەمەبەستی لیدوان لە سەر کارو چالاکیەکانی کەمپین .

سەرەتا وەفدەکە لەسەر ئامانج وکارو هەلسورانەکانی کەمپینی دادگای کردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس بەدریژی قسەو باسیان کرد ولەسەرگرنگی پشتیوانی مادی ومەعنەو بۆ سەرخستن وبەهیز کردنی هەلسورانەکانی ئەم کەمپینە بەدریژی قسەوباسیان کرد وهەروەها لیستی پیداویستیەکان خرایە بەردەم ،لەگەل لیستی ئەو ئیمزایانەی کە بۆ وەرگرتنی ئیمزا لەجەماوەری کوردستان ئامادەکرابوو.

بەریز (فەتاح زاخۆی)وەزیری رۆشنبیری سەرباری خۆشحالی خۆی لە چالاکیەکانی کەمپنەکە رای گەیاند کە ئەندامیکی ئەو کەمپینەیەو لەپیداویستیەکانی کۆمپیتەرو شوین و رۆژنامەی کەمپین و کۆکردنەوەی ئیمزا وە دەزگاکانی راگەیاند دەخاتە خزمەت چالاکیەکانی ئەم کەمپینەوە وەك دانی بەرنامەی دوو سەعات لە رادیوی هەریم بە کەمپینی دادگای کردنی سەردام حسین و سەرانی بەعس .

هەمان رۆژ ریبوارعارف ودەشتی جەمال چاویان کەوت بە بەریز (سەردار رەشید)بەرپرسی رادیوی هەریم بۆ لیدوان لەسەر بەرنامەکانی دوو سەعاتەی کەمپین.

رۆژی پینج شەمە ریبوارعارف چاوی کەوت بە بریکاری وەزیری پەروەردە بەریز( عمرحمە سالح)بەمەبەستی ناساندنی کارو هەلسورانەکانی کەمپینی دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس ،بەدوای ناساندنی کەمپین و کارو چالاکی وپیداویستیەکانی ،بەریز مامۆستا عومەر بریاری هاوکاری کردنی دا لەبواری کۆکردنەوەی ئیمزای مامۆستایان وشوین وجیگای کۆروسیمینارو وکۆکردنەوەی ئیمزا لەقوتابیان وئیمزای شەخسیان دا لەخواستەکانی کەمپین.

رۆژی **16-6** وەفدیکی کەمپینی دادگای کردنی سەدام وسەرانی بەعس کەپیك هاتبوو لە (ریبوارعارف ودەشتی جەمال وشۆرش کەریم) لە وەزارەتی پیشەسازی و ووزە چاویان کەوت بە بەریز(نەرمین ئەبو بەکر )وەزیری پیشەسازی بەدریژی لە سەرکاروبارەکانی کەمپینی دادگای کردنی سەدام وسەرانی بەعس وپیداویستیەکانی بەرەو پیش چوونی چالاکیەکانی کەمپین قسەوباس کرا.

بەریز نەرمین ئەبوبەکر وەزیری پیشەسازی هاوکاری خۆیان راگەیاند وەك ئەندامی کەمپین و کۆکردنەوەی ئیمزا لەکارمەندان وبەرزکردنەوەی پشتیوانی مادی بۆ کەمپینی دادگای کردنی سەدام بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

رۆژی **6-6** لە هۆلی فەقی ئەحمەدی دارشانە کۆریك بۆ (ریبوارعارف)بەرپرسی کەمپینی دادگای کردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس لە شاری رانیە دانرا ،لەم کۆرەدا ریبوارعارف تیشکی خستە سەر ئەو جینوسایدو قەتل عام وکوشتو کوشتارەی لە**35** سالی ئاییندەدا رژیمی ئینسان کوژی سەدام بەسەر خەلکی عیراق وکوردستاندا هیناویانە،هاوکات لەسەر گرنگی سیاسی دادگای کردنی سەدام وسەرانی بەعس قسوباسی کرد وەدەوری جەماوەری کوردستان لە بەریوەبردنی دادگایەکی عادلانەی سەدام وتاوان باران وبەریوەچوونی کەمپینیکی سەرکەوتوانە لە سەرتاسەری عیراق وکوردستان و لەهاندەران بۆ راکیشانی سەرنجی گشتی وپشتیوانی نیو نەتەوەی لەپرۆسەی داگای کردنەکەدا.

شایەنی باسە لەو ئیوارە کۆرەدا زیاتر لە**80** کەس بەشداری کرد ولەلایەن ( ئارام ) ئەندامی لجنەی کەمپین لە شاری رانیە بەریوە چوو وە لەنیو پیشوازی گەرمی بەشداربواندا سەرکەوتوانە کۆرەکە کۆتای پیهات و ئامادەبوان ئیمزای خۆیان خستە ژیر کەمپینی داگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس.



## زیاتر لە 400 پاریزەر

### پی لەسەر دادگایی کردنی صدام وسەرانی بەعس دادەگرن!

بواریکی تری هەلسوران و چالاکی یەکانی کەمپینەکەمان بەدەستهینانی هەلویست گرتنی پاریزەرانی کوردستان . سەرەتا دوای بینینی ژمارەیەك پاریزەر و لیك نزیك بوونەوە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی ئیمزای پاریزەران . هەر لە سەرەتای ئەم کارەوە ( گروپی فشار ) پیشوازی باشیان لی کردین و ئامادەیی خۆیان بۆ کاری هاوبەش دەربری و بە کردەوە لە کۆکردنەوەی ئیمزای پاریزەران هاوکارمان بوون . سەرەتا 128 پاریزەر لە هەولیر و سلیمانی فۆرمی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعسیان ئیمزاکرد هەروەها دواتر لە کۆنگرەی پاریزەرانی کوردستان لە هەولیر 270 پاریزەری تر هەلویستی لیبراوانەی خۆیان دەربری و جگە لە ئیمزاکردنی فۆرمی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس هەروەها بە کۆی دەنگ ئەو پیشنیارەیان پەسەند کرد کە لە لایەن کەمپینەکەوە خرایە بەردەم لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە ئەویش هەلویست نواندن بوو دژ بەو سەدان پاریزەرە ناسیۆنالیستەی لە وولاتی ئەردەن ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگری کردن لە سەدام حسین و سەرانی بەعس راگەیاندبوو .

**دادگایی صدام**

بلاوکراوەی

کەمپینی دادگایی کردنی

صدام حسین وسەرانی بەعسە

**سەرنووسەر:**

ریبوار عارف

fediraq@welho.com

**ژمارە تەلەفون: 7569028**

**ناونیشان :**

شەقامی قەنات - بازاری شنروی